
# ئامازۆن ڤێرژنێکی نوێی کتێبخانەی کیندەل بەرهەم دێنێ

ئایا کتێب خوێندنەوە بەرەو دیجیتالی دەچێت؟ ئایا شوێنێك بەناوی کتێبخانە نامێنێت و کتێب چاپکردن لەسەر کاغەز لە داهاتوودا کۆتایی پێدێت؟ لە ئێستاوە ئاماژەکان ئەوە دەردەخەن کــە بەڵێ رەنگە کتێبخانە بەشێوەی ئێســتا نەمێنێت و ئامێرێکی دیجیتالی کە بەقەد کتێبێك دەبێت هەزاران کتێب لەخۆیدا کۆبکاتەوە.
ئامازۆن ناوی کۆمپانیایەکە کە لەمێژە لەم بوارەدا هەوڵی داوە و کیندەڵ یەکەمیــن کتێبخانەی دیجیتالی ئامازۆنە، کتێبخانەی کیندەل جۆری paperwhite نوێترین کتێبخانەی دیجیتالییــە ئامازۆنە، ئەم ڤێرژنە 25% خێراترە لەوانەی پێش خۆی و شاشــەکەی چاو ئەزیەت نادات و باترییەکەشــی زیاتر خۆ رادەگرێت، بە جۆرێك کە تەنیا بەیەك شــەحنکردنەوە دەکرێت دوو مانگ ســوودی لێوەربگیرێت. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەك Goodreads لــەو ئامێرەدا هەیە و کە لەو تــۆڕە کۆمەڵایەتییەدا دەکرێت بۆچوون لەســەر کتێبەکان دەرببڕیــت و رەخنە لە کتێبەکان بگریت. هەروەها دەتوانیت لاپەڕەی کتێبەکان وەك کتێبی ئاســایی هەڵبدەیەوە و بێ ئەوەی کە شوێنی خوێندنەوەکەت کە دەست نیشانت کردووە تێکبچێت.





# کامێرای دیجیتالی شوێنی کلاسیکەکان دەگرنەوە

ئایا ئامێرە دیجیتالییەکان شــوێنی ئامێرە کلاســیکییەکان دەگرنەوە؟ ئەمە بێگومان گەرچی لەلایەن لایەنگرانی ئامێری کلاســیکی بەرگرییەکــی زۆر دەکرێت، بەڵام وەڵامی پرســیارەکە بەڵێیــە، هەروەك کامێرای دیجیتالی کە شــوێنی کامێرای فیلمــی گرتەوە. کامێرا دیجیتالییەکان بەوەش نەوەســتاون بەڵکو هۆشــمەندتریش بوونە، وەك کامێرای جۆری Legria کە هی کۆمپانیای کانونە، ئەم کامێرایە تایبەتە بە وێنەی پان واتە گۆشەی بینینەکەی 170 پلە بێت، بەجۆرێك کە بۆ هەڵگرتنی دیمەنێکی سروشتی یان وێنەی قوتابخانەیەك کە گشت قوتابییەکانی تێدا دەربکەون زۆر گونجاوە.
جگە لەوەش شاشەکەی جوڵە دەکات و دەتوانێت 180 پلە بە دەوری خۆیدا بسوڕێتەوە. بەبێ ئەوەی لە پشت کامێراکەوە بیت فیلم هەڵبگریەوە. پایەیەکی زۆر بە سوودیشــی هەیە جگە لەوەی کە گۆشــەی دیدەکەی 170 پلەیە، (دیافراگم)ی کامێراکەش F/2.8ـە. سیســتەمی وای فای هەیە و کێبلی HDMIشــی لەگەڵدایە، بۆ ئامرازە هۆشمەندەکانی ئەندرۆیدی پرۆگرامێکی تایبەتی لەگەڵدایە، کێشــی کامێراکە زۆر کەمە تەنیــا 160 گرامە. لە کەمترین لە چرکەیەکدا دەکرێت وێنەکان بەبێ هیچ وایەرێك بۆ مۆبایل یان کۆمپیوتەر بگوازیەوە، یان راستەوخۆ بۆ تۆڕی کۆمەڵایەتی بنێری.



## کلیلی سیحری بۆ مۆبایله سمارتەکان

مۆبایله هۆشـــمەندەکان دیزاینەکەیان بە جۆرێکە کە دوگمەیەکی زۆریان نییە و هەندێك مۆبایلی هۆشـــمەند تەنیا یەك دوگمەی هەیـــە وەك مۆبایلی ئایفۆن و هەندێکی تریش دوو یا ســـێ دوگمـــەی هەیە، هەر بۆیە بیر لەوە کراوەتەوە جگـــە لە پرۆگرام گەلێکی زۆر دوگمەی تایبەتیش بۆ مۆبایله هۆشـــمەندەکان دروست بکەن، ئەم ئامێرە بچووکە کە زۆرتر لە ســـەری فیشـــە دەچێت، زۆر ئەرك ئەنجام دەدات، فیشەکە لە شوێن کێبڵی هیدفۆن لە مۆبایلەکە دەخرێت بەهۆیەوە دەتوانین ئەرکەکانی وەك کردنەوەی کامێرا، تۆمارکردنی دەنگ و کردنەوەی رێکخستنەکان، هەڵکردنی لایت و یان هەر کارێکی دیکە ئەنجام بدات. ئەم فیشـــەیە تەنیا لەگەڵ مۆبایلەکانی جۆری ئەندرۆید دەگونجێت.

## کڵاو یان چاویلکەیە نوێی سۆنی



لە ســـەرەتادا نازانم بۆچی بە زمانـــی ئینگلیزی بەمجۆرە ئامێرە دەگوترێت کڵاو، کەچی شێوەکەی لە چاویلکە دەچێت و زیاتر ئەرکی چاویلکەش ئەنجام دەدات، ئەم چاویلکە هۆشمەندە کە هی کۆمپانیای ســـۆنییە، لەگەڵ مۆبایلە هۆشمەندەکان یان تەبلێتەکان پەیوەند دەدرێت لە راستیدا شاشەیەکی سەرنج راکێشـــە کە دەکرێت ئەوەی لەســـەر شاشەی مۆبایل یان تەبلێت یان کۆمپیوتەر و تەلەڤزیۆن نیشـــان دەدرێت لەو چاویلکەیەدا ســـەیری بکەی. ئەم ڤێرژنە جیـــاوازی لەگەڵ ڤێرژنەکـــەی پێش خۆی ئەوەیە کە بە شێوەی ســـینەمایی فیلم نیشان دەدات. دوو جۆری هەیە جـــۆری HMZ-T3W و جۆری HMZ-T3 کە هەردوو جۆرەکە بە باتری کار دەکەن و بەهۆی وایەرلەیسیشـــەوە لەگەڵ ئامێرەکان لە پەیوەندی دادەبن.

## سۆنی و نەوەی دووەمی کاتژمێری هۆشمەند




لـــە جیهانـــی دیجیتالیدا هەر ئامێرە و شـــوێن بە ئامێرێکی دیکە لەق دەکات، لاپتۆپ شوێنی کۆمپیوتەری ســـەرمێزی گرتەوەو تەبلێتیش خەریکە جێی لاپتۆپ بگرێتەوە، مۆبایـــل کە هێشـــتا جێگرەوەیەکی نییە، پێدەچێـــت کاتژمێرە سمارت واتە هۆشمەندەکان مەترسی بوون بۆ مۆبایل پێگەی مۆبایل وەك خۆی نەمێنێتـــەوە. زۆر کۆمپانیا کاتژمێری هۆشـــمەندیان بەرهەم هێناوە، کۆمپانیای سۆنیش یەکێکە لەم کۆمپانیایانە کە کاتژمێری هۆشمەند بەرهەم دێنێت، بەڵام کاتژمێرە هۆشـــمەندەکانی سۆنی بوونەتە ئامێری لاوەکی مۆبایل و بەبێ مۆبایل ســـوودێکی ئەوتۆیان نییە. بە پەیوەندیی نێوان مۆبایل و کاتژمێری هۆشمەند دەکرێـــت هەر لە کاتژمێرەوە کامێراکەت ئەکتیڤ بکەیت، وەڵامی پەیوەندییەکان بدەیەوەو کورتەپەیامەکان بخوێنیەوە.



# لێدانی دڵ دەبێتە پەسۆردی ئامێرە دیجیتاڵییەکان



ساڵانێکی زۆرە پەنجەمۆر وەك کۆدی نهێنی مرۆڤەکان سەیر دەکرێت و پەنجە مۆری هیچ کەسێك وەك کەسێکی دیکە نییە، لە دوای داهێنانی ئامێرە دیجیتاڵییەکان پەنجەمۆر وەك کلیلی تایبەتی کردنەوەی ئامێر و پرۆگرامەکان سوودی لێوەرگیراوە.

(کارێل مارتینی)ی داهێنەر پێیوایە لێدانی دڵی هەر مرۆڤێك جیاوازە لە مرۆڤێکی دیکە، بۆیە ئامێرێکی بەناوی nymi بەرهەم هێناوە کە لەراستیدا بازنەیەکە لە دەست دەخرێت و کاری تۆمارکردنی نموونەی لێدانی دڵی بەکارهێنەرەکەیەتی. نموونەی لێدانەکە لە زەینی ئامێرەدا تۆمار دەبێت و بۆ گشت ئەو ئامێرانەی کە بە پەسۆرد واتە کۆدی نهێنیان هەیە سوودی لێوەردەگیرێت. ئامێرەکە جگە لە هەڵگرتنەوەی نموونەی لێدانی دڵ نموونەی پەنجەمۆریش هەڵدەگرێتەوە.



## سایتێک تایبەت بە زانیاری لە بارەی مۆبایلەوە




حەز دەکەی بەرلەوەی مۆبایلێك بکڕی، بزانە مۆبایلەکە تایبەتمەندییەکانی چییە، یان حەز دەکەی زانیاری زیاتر لەسەر مۆبایلەکەی خۆت بزانی، یان ئەگەر لەو کەسانەی هۆگری گۆڕینی مۆبایلی حەز دەکەی هەواڵەکانی پەیوەندیدار بە مۆبایلە نوێیەکان بزانی، بۆ ئەم مەبەستە سەر لە سایتی www. gsmarena.com بدە، ئەم سایتە تەنیا تایبەتە بە مۆبایل و تەبلێت، زانیاری سەبارەت بە مۆبایلەکان و بەراوردکاری لە نێوان دوو مۆبایلدا، پرسیار لە بارەی مۆبایلەوە و هەروەها فەرهەنگی وشە و واژەکانی مۆبایل ببینی.

## پرۆگرامێک بۆ دیزاین کردنی کتێبی ئەلکترۆنی



گۆڕینی فایلە دەقییەکان و دۆکیۆمێنتە تایپکراوەکان بەشێوەی کتێبێکی ئەلکترۆنی کە بکرێت وەك کتێبی ئاسایی لاپەڕەکانی هەڵبدرێتەوە چێژێکی زیاتری هەیە بۆ خوێندنەوە. گەر حەز دەکەیت ئەو لاپەڕانەی بە پرۆگرامی Word نووسیوتن راستەوخۆ بیکەیت بە کتێبی ئەلکترۆنی پرۆگرامی Word to flip book پرۆگرامێکی زۆر بەسوودە. کارکردن بە پرۆگرامەکە زۆر ئاسانە تەنیا ئەوەندە هەیە کە ئەو فایلەی کە نیازتە ببێت بە کتێبی ئەلکترۆنی دەستنیشانی دەکەیت و پاشان ئۆتۆماتیکی پرۆگرامەکە نووسراوەکە دەکاتە کتێبێکی ئەلکترۆنی. دەکرێت لەم کتێبە ئەلکترۆنییەدا بەدوای مەبەستێکدا بگەڕێی یان تەنانەت مۆسیقایەکیش بە کتێبەکەوە زیاد بکەی یان باکگراوەندێکی سەرنجڕاکێشیشی بۆ دابنێیت.

# مۆبایلێکی ژیرۆکی جیاواز



مۆبایله هۆشـــمەندەکان ئەگەر دیزاینشـــیان وەك یەك نەچێت بـــە زۆری ئەنجامدانی ئەرکەکانیان وەك یەکە، بەڵام مۆبایلی هۆشـــمەندی 6 ئینجی جۆری Alcatel one touch hero تا رادەیەك جیاوازە.

ئەلکاتل سیســـتەمی ئەندرۆیدی لەسەرە، شاشەکەی لە جۆری LCDیە و فول ئیچ دییە. پرۆسیسەرەکەی خێرایی 1.5 گیگاهێرتزە. رامەکەی 2 گیگابایتە، کامێراکەی 13 میگاپیکســـلە، شـــەحنکەرەوەی وایەرلەیســـە، جیاوازیـــی مۆبایلەکە لەگەڵ ئەوانـــی تر ئەوەیە کە داکێکی لەگەڵدایە کـــە وەك ڤیدیۆ پرۆژکتۆر کار دەکات، جگە لـــەوەش بەرگی یان کەڤەری مۆبایلەکـــە شاشـــەی جـــۆری E.lnkـە کە بۆ خوێندنەوەی کتێب زۆر گونجاوە، پێنووســـێکی تایبەتـــی لەگەڵدایـــە و میمـــۆری ناوخۆی مۆبایلەکە 8 تا 16 گیگابایتە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

پرســـیاری ئەمجارە نەك پرسیاری تەنیـــا خوێنەرێکـــە بەڵکـــو زۆربەی خوێنـــەران و بەکارهێنەرانـــی مۆبایل ئەم پرســـیارانەیان بۆ دێتە پێش، وەك دەزانرێـــت بەهـــۆی پرۆگرامەکانی گەڕاندنەوە ریکۆڤـــەری recovery ئەو فایلە گرنگانەی لەســـەر فلاش میمۆری یان کۆمپیوتەر یان میمۆری کارت ســـڕاونەتەوە بیانگەڕێنینـــەوە، بەڵام ئایـــا ئەو ناو و کورتەپەیامانەی کە لەســـەر ســـیمکارت ســـڕاونەتەوە دەگەڕێنەوە؟

بەڵـــێ لـــە تەکنەلۆژیادا شـــتی نامومکین نییە، لەســـەر سیمکارتیش کورتەپەیـــام و نـــاوەکان دەگەڕێنەوە، پرۆگرامـــی SMS Backup & Restore کە تایبەتە بە سیســـتەمی ئەندرۆید گشت ئەو کورتە پەیامانەی کـــە ســـڕاونەتەوە دەیانگەڕێنێتەوە و بەبێ ئـــەوەی تێك بچـــن، ئاماژە بە رێکەوتەکەشـــیان دەکات. هەر بەهۆی پرۆگرامەکـــە دەتوانـــی بۆ یەکجاری کورتەپەیامەکان بسڕیەوە یانی بە هیچ پرۆگرامێك نەگەڕێنەوە.

# کۆمپیوتەرێکی بچووک سیستەمەکانی ئەندرۆید و لینۆکس دەخوێنێتەوە



مینی پیســـی (mini pc) ئـــەم کۆمپیوتەرە وردیلانەن کـــە بەقەد قوتووە شـــقارتەیەك یان پاکەتـــە جگەرەیەك دەبن، بەڵام گشـــت ئەو ئەرکانەی کە کۆمپیوتەری دیکە ئەنجامی دەدات دەتوانێت ئەنجامی بدەن، دیارە لەسەرەتادا ســـایزەکەیان گەورەتر بوو، بەڵام ئێستا هەیە بەقەد فلاش میمۆرییەکـــە، کۆمپانیـــای solid run کـــە ماوەیەکە خەریکـــی بەرهەمهێنانی ئـــەم جـــۆرە کۆمپیوتەرانەیە لـــەم دواییەدا چوار جـــۆری نوێی بەرهـــەم هێناوە، کە سادەتریان چوارپاڵویەکی 2 ئینجییە بەناوی CuBox-i1 پێشکەوتووترینیشیان بەناوی Cubox-i4 خستە بازاڕەوە. پێشـــکەوتووەکەیان هیچ جیاوازییەکـــی ئەوتۆی لەگەڵ کۆمپیوتەری ئاسایی نییە و جگە لەوەش دوو سیستەمی لینۆکس و ئەندۆیدیش دەخوێنێتەوە. بە ئاسانیش لەگەڵ تەلەڤزیۆن پەیوەند دەدرێت.